**پیشانگه ی کتێب و هه ژار خانه ی کوردی**

رێناس جاف

بێگومان یه ک له په یڕه سه ره کییه کان، بۆ پێشخستن وبه ره و پێشه وه بردنی هه موو گه ل و نه ته وه یێک کتێب و کتێب خوێندنه وه یه.
هه تا چه نده ئاستی کتێب خوێندنه وه و تیراژ و هه ژماری کتێبان، لای میلله تان، له سه رتر و بانتر بێت، پڕ ڕوونه ئه و گه ل و نه ته وه، قسه ی زۆرتری پێیه، دیاره ئه مه ش نیشانه یێکه بۆ که لتووریێکی ده و لّه مه ند.
بێ سێ و دوو،کتێب ئاوێنه یێکی ڕوونی میلله تان ، به ئه ژماردێ ،که هه موو گه لێک ، دیرۆک، زمان، فۆلکلۆر و چاندی خۆ له و ئاوێنه دا ده بینێته وه. به واتاییکی دی ،کتێب ئاوێنه ی ته واو نوێنی گه لانه.
له حالێک دا هه ژده هه مین پیشانگه ی نێو نه ته وه یی کتێبی تاران، ده کرێته وه، مخابن به شی کوردی، هه ر بۆ باس ناشێ.
هه ژده هه مین پیشانگه ی نێو نه ته وه یی کتێبی تاران،ڕۆژی چوار شه مه 14 بانه مه ڕی 1384 هه تاوی(4 مه ی 2005 زایینی) کرایه وه.
له م پیشانگه دا نێزیکه ی 2574 په خشکاری نێوخۆیی وده ره کی، دوا به ڕهه مه کانیان ، ئه خه نه به ڕچاوان. له و ژماره، 489 په خشکار له شارسانه کانی ئێران و1295 په خشکار له شاری تاران، به شداری پیشانگه که ده بن. 756 په خشکاری ده ره کی له 51 ولاّتی دونیاش به نوێترین به رهه می خۆ ، پشکداری ئه م پیشانگه ده بن.
پیشانگه ی کتێبی تاران، چه ن به شان ده گرێته وه.به شێکی ته رخانه بۆ په خشکارانی گشتی، به شه که ی دی گۆشه ی منالاّنه، پاری سێیه م کتێبه کانی به شی فێرکاری ده گرێته وه و به شه که ی دیکه ش، کتێبه کانی زانکۆیی ئه گرێته خۆ. ئه م پیشانگه هه تا ده ڕۆژان ده خایه نێ، واته هه تا ڕۆژی 24 بانه مه ڕ(14 مه ی) درێژه ی ده بێت.

به لاّم په خشکارانی کوردی به شدار له م پیشانگه دا.ئه مسالیش وه ک هه موو خول و ده وره کانی پێشووی پیشانگه ی کتێبی تاران، ژماری په خشکارانی کورد، له ژماری قامکه کانی ده س ، تێناپه ڕێ. په خشکارانی : هه ژار، سه قز، ته وه کولی، پانیز، بێستوون،کوردستان، ئیحسان، محه مه دی ورمێ و سه لاحه دین،له ده زگانی چاپی کتێبی کوردینه که به شداری ، پیشانگه که ی کتێبی تارانن.
به درێژایی ئه و هه موو سالاّنه، درۆم نه گوتووه گه ر بێژم ئه و ده زگا کوردییانه ، دیسانه وه به هه مان کتێبه کانی کۆنی خۆ، به شداری پیشانگه که ده بن. چه مه ڕاشن له لایه ن هۆگرانی کتێبی کوردییه وه، پێشوازی به رفره یان لێوه بکرێ.
ئه و کتێبانه ی له لایه ن ئه م ده زگا کوردییانه وه ، ئه خرێنه به ڕچاو، ئه وه نده کۆنن هه ر بۆ

تاقچه و سه ر ره فان ده شێن. سه ر و چه ن کتێبێک له سه ر مه زه ب و چه ن دیوانه شێعری کۆن و یه ک و دوو کتێبیش سه باره ت به مێژووی کورد. ئه مه هه موو ده سکه وت و به ری ئه و ده زگا کوردییانه یه.
به سه ت داخه وه ئه و سه ر و چه ن کتێبه ش، ئه وه نده یان
سه ر و به ر ، لێ قرتاندوون، زێتر له وه ی زانیاریت
پێ ببه خشن، دوو هێنده ، سه رت لێ ده شێوێنن.
ئه مه هه موو به سه رهات و حه کایه تی ده زگا کوردییه کانه.
سه ر باری ئه و هه موو که م و کوڕی و که مایسیانه،
په خشکار و ده زگای چاپی کتێبی کوردی هێشتا هیچ
بایه خێک بۆ نیاز و خواست و داواکاری هۆگری کتێب
دانانێ. هیچ که پڕیانه له کۆلێک هه ڵه و په ڵه ، هه م له باری
ڕێنووس و هه میش له باری ڕێزمانه وه، پیتچنییه که یان
ئه وه نده ناشاره زاییانه و بێ ورده کارییه، خوێنه ر
پاش چه ن ڕووپه ڕان، له به پێزترین کتێب، وه ڕه ز ده بێت.
پرسی گرافیکی ، ئه وه ئیدی هه ر تۆزقاڵه لایێکی لێ ناکه نه وه.
ده ردی کاری تر لێره دایه زۆرێ له و به ناو په خشکارانه،
جگه له فرۆتنی کتێب، هیچی تری لێ نازانن و داخه که م
هه رکه یه کێ ناکورد ڕوویان تێ ده کا و له سه ر مێژوو و
که لتووری کوردان ، ئه یاندوێنێ، چی وای ده س ناکه وێ.
ئه مه به ڕاستی بۆ ئێمه ی کورد ، بۆ ئه و میلله ته ی
خاوه نی ژیارێکی چه ن هه زار ساڵه یه ، مایه ی داخ و
که سه رێکی زۆره.
که نگێ وه خۆ ده که وین، هه ر سۆراخی مه گره!
که سه ری ئه و هه موو ده زگا فارسییانه ده ده ی، بڕوات
بێت، ئه وه ند خه م داتده گرێ هه ر مه پرسه .
لای من میلله ت به کتێب ، پێش ده که وێ.
ئه ی ئه وه نییه ئه وروپییه کان ، دوا به دوای بزاڤی
وه رگێران و ڕێنسانس، وا گۆی مه یدانیان له هه موو گه لان
برده وه ئه سته مه به و زووانه ، هیچ میلله تێک ، بیانگاتێ.
ئه مه هه موو په ند و وانه ی کتێبه، که به داخه وه
ئێمه ی کورد جارێ وا سواری ئه سپی خه یاڵ بووینه،
لام وا نییه به م زووانه، دابه زین.
میلله تان به ئاوه ز، پێش ده که ون ، که چی ئێمه ی کورد
هه ر له سیاسه توانمان بگره هه تا ڕووناکبیر، وا نوقمی

نێو دونیای هه ست و ئیحساسی ڕووتین، هه ر نه بێته وه.
هه تا کاتێ کورد به شێوه یێکی لۆژیک و مه نتیقی ده گه ڵ
پرسه کانی خۆ، نه جوڵێته وه، بڕوا بکه هه ر به رده وام
ئاسته نگی بۆ دێنه پێش و تووشی چۆرتم و هه ره س
ده بێت.
له سه رپاک کورده واری ورد بنه وه،بزانن ژماری کتێب خوێن،
چه نده، به ڵام له و لاوه هه تا حه زی بکه ی جه ماعه ت
له دووی چه پڵه ڕێزانن. که س دژ به شایی و هه ڵپه ڕکێ و
چه پڵه ڕێزان نییه، لێ هه موو شتێ له جێی خۆدا جوانه.
به درێژایی ئه و ساڵانه ی له نێزیکه وه ئاگام له بزاڤی بێداری
کوردی خاسما له به شی ڕۆژهه ڵاتی کوردستان ، هه یه،
هه ر کاتێ به هه زار زه حمه ت و کوێره وه ری
ئێزنی کۆڕ و جڤینێک، وه ده س خراوه، جه ماعه ت
ئه وه نده ی ته نانه ت له کۆڕه ماته مینه کانیش دا
له دووی شه ده لار گیان بوونه ، به هه زار تکا و لاڵه،
ده ده قان، زه حمه تی ئه وه یان وه به ر خۆ نه داوه
گوێ بۆ بابه تێکی زانستی یان ڕووناکبیری ، ڕادێرن.
ئه مانه هه موو له ناوشیاری میلله تی ئێمه وه سه رچاوه
ده گرن .
پیشانگه ی کتێب بیانووێیک بوو بۆ درکاندنی دوو سێ
پرسی په نگ خواردووی نێو ئه م ده روونه م.
هه ر ساڵه و ڕووده که مه به شی مناڵانی پیشانگه که،
به ڕاستی دڵم بۆ خۆم و مناڵه که م و سه رپاک زارۆکی کورد
داده مێنێ. ئه وه نده بابه تی هه زار به زمه و ڕه نگاڵه یبت
به رچاو ده که وێ، هیچت پێ شک نایه بۆ مناڵه که ت
که لێت ئه پرسێ ئه رێ باوکه ئه ی ئێمه ی کورد که ی
ئه بینه خاوه نی سووچێکی ئه م هه موو کتێبه نیگارینانه؟
مناڵی ئه مرۆی کورد له هه ر پارچه یێکی کوردستانا،
له ژێر وا سێبه رێکی پڕووکێنه ر و تاسێنه ردا بار دێت.
که چی سه ر و چه ن ده زگای چاپی مه ، ئێژی گوێز
ئه ژمێرن و وا سه ری خۆیان قاڵ کردووه، نایانپه رژێته
سه ر هیچ شتێکی دی.
گه ر ده رفه تێ هه بوو، هه وڵ ده ده م چه ندێ له و
ده زگا کوردییانه ، بدوێنم.

بۆ وتن ده شێ  ده زگای چاپ و بڵاوکردنه وه ی "ئاراس"
بۆ یه که م جاره وه ک ده زگاییکی چاپی کوردی
له باشووری کوردستانه وه ، به شداری پیشانگه که ی
کتێبی تاران، ده بێت. ئه مه خاڵێکی ئه رێنی و پۆزه تیڤ
بۆ پیشانگه که ی ئه مساڵی کتێبی تارانه.
به داخه وه هه تا به م ساته ئه م بابه ته ئاماده ده کرێ،
هێشتا ده زگای ئاراس کتێبه کانی دانه ناون، هه ر چلۆنێ بێت
هه ر لایه ن و که سێک له پشته وه ی ئه م هه وڵه وه بێت،
جێی سوپاس و پێزانینه و جۆره ڕچه شکاندنێکیشه،
به و ئومێده ی له داهاتوودا ده زگا چالاکه کانه ی کوردی
به شداری ئه م پیشانگه بن.
بێگومان ئه م کاره شوێنی هه ره باشی له سه ر کوردی
ڕۆژهه ڵاتی کوردستان ده بێت، له و لاشه وه به شکو
ده زگاکانی چاپی کتێبی کوردی له م دیو، ته کانێ وه خۆ
بده ن و جاری دادێ به توانای فره تره وه بۆ پیشانگه ی
کتێب ، ئاماده بن.

Renas caf@Yahoo.com